پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە باوەشم پاڵی دەدایەوە، وقورئانی دەخوێند لەکاتێکدا حەیزدار بووم

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە باوەشم پاڵی دەدایەوە، وقورئانی دەخوێند لەکاتێکدا حەیزدار بووم».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە باوەشی پاڵی دەدایەوە وقورئانی دەخوێند لەکاتێکدا ئەو لە حاڵەتی سووڕی مانگانەدا بوو، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لاشەی ئافرەتی حەیزدار پاکە و بەهۆی حەیزەوە پیس نابێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3478